# ڕۆمانی

# بەدوای هەنگاوەکانی ئەودا



ئامادەکردنی :
محمد ایاد

پێشەکی...

سەرەتا بە ناوی خوای گەوورە و میهرەبان، دەست پێ دەکەم نووسینی رۆمان بۆ من ئەزموونێکی تازەیە هەرچەندە، دەمێکە ئارەزوومە کتێبێکی بچووک بنووسم، و ئەووەی لە هزرمە بۆ خوێنەرانی ئەم رۆمانە بچووکە بخەمە روو، و هیوادارم بە دلی هەموو لایەک بێت، و لە کەم و کورتیم ببوورن، چونکە بۆ من ئەزموونێکی نوێیە... پشت بەخوای گەوورە ان شاءالله بەدلتان دەبێت...

سوپاس بۆ گرووپە جوانەکەم کە پاڵپشتی سەرەکی منن و هێزی بەردەوام بوونم پێ ئەبەخشن و سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی پشتگیریم ئەکەن...

بۆ من قوتابخانە وەک، زیندانێک وایە کە هەموو ڕۆژێکی ئازاری ڕووحمی تێدا دەدەن، چونکە زۆربەی خەونەکانی منداڵی و هەرزەکاریم لە پێناوی، داناوە و هۆکاری بەردەوامیم تەنها بەهۆی پێداگری باووکم بووە لەسەر خووێندن، و بەدەست هێنانی بڕوانامە، و بۆیە منیش دەمەوویێت ئەو خەوونەی باوکم بەدی بێنم، و بەردەوام بم لە خووێندن، بەلام کە تاقیکردنەوەکان تەواو بوو بەهۆی ئەو باردوخۆەی ماڵەووەمان لە کاتی تاقیکردنەوە خانووەکەمان گواستەوە بەو هۆیە نمرەیەکی کەمم هێنا و باوکم نمرەکەی منی بەدل نەبوو و پێشنیاری کرد گەر بتوانم دووبارەی بکەمەووە و هەولی نمرەیەکی باشتر بدەم، و بۆ ئەمەش پێوویستم بە ڕاوویێژێک بوو لەگەل هاوپۆل و هاوڕێکانم، کە نزیکترین کەسیان بۆ من دیداری هاوڕێم بوو، کە ئەمتوانی بە ئازادی و بێ ترس هەموو شتێکی لا بدرکێنم و باس بکەم، و بۆیە ڕاستەوخۆ بۆ ئەو بابەتە پرسم بە ئەو کرد، و ئەوویش ئەیزانی کە من تەواو وەرز بوومە لە خووێندن بۆیە پێشنیاری کرد کە بچمە زانکۆ و ئەمساڵ دووبارە نەکەمەوە کە ئەمە ژیرانە ترین بریار بوو لە ژیانم دابێتم ئەوویش بەهۆی دیدار بوو، هەرچۆنێک بێت توانیم خێزانم ڕازی کەم لەسەر ئەووەی کە بچمە زانکۆ و ئەو قۆناغە دووبارە نەکەمەوە...

دوای تەواو کردنی قوتابخانە ئیدی هەست بە ئازادیەکی تەواو دەکەم، و هەست دەکەم کە من لەو کۆت و زنجیرە رزگارم بووە،
ئیدی توانای هەموو شتێکم هەیە بە بێ ئەووەی ترسی خووێندنم هەبێت، و یەکەم کارم دوای تەواو کردنی قوتابخانە دۆزینەووەی کارێک بووو...

دوای ئەووەی قوتابخانەم تەواو کرد و ئیدی بەرەو، و زانکۆ دەرۆم، لەو ماوەی کە پشوو بوو، کارێکی سادەم دۆزیەووە لە نزیکی خۆمان کە کاری درووست کردنی دەرگا و پەنجەرەی پلاستیک بوو و کارێکی ئاسان و خۆش بوو و زۆر چێژم لێی دەبینی و بە برە پارەیەکی کەم لەووێ کارم دەکرد، و بەو برە پارەیە خۆم بەرێووە دەبرد هەرچەندە خێزانی ئێمە، مام ناووەندین و لە چینێکی هەژار نین، بەلام وەک گەنجێک پێم خۆش نییە، کە نیووەی رۆژەکە لەبەرچاوی ماڵەووە بم بۆیە دەست بەکار بووم، لە ماوەی کار کردنم، کارەکەم زۆر خۆش وویست و زۆر زیرەک بووم تێی دا تا ئەو رادەیەی سەرۆکی کارەکەم هەموو کارەکانی پێم ئەسپێرا و متمانەی تەواوی پێم بوو کە پارەکانی لام دا دەنا بە بێ ترس، بۆیە، حەزی من بۆ ئەو کارە زیادی کرد، لەگەل رۆشتنی کات ئیدی کاتی دەوامی زانکۆ نزیک بوو، دەبوایە لە پێناو زانکۆ واز، لە کارەکەم بێنم، و بۆیە بریارم دا، ئەمساڵ دەوامی زانکۆ نەکەم، و بەردەوامی بە کارەکەم بدەم و سەرۆکی کارەکەشم پێی ووتم ئەگەر بمێنیتەووە و پارەکەت بۆ زیاد دەکەم، و بۆیە بۆ ئەم بریارە پێوویستم بە رەزامەندی ماڵەووە بوو کە ئەمساڵ نەخووێنم و بەردەوامی بە کارەکەم بدەم، بەڵام بەدبەختی من

باوکم رازی نەبوو لەسەر ئەووەی بەردەوام بم لە کار کردن و منیش ناتوانم قسەی ئەوان بشکێنمەوە بۆیە رازی بووم لەسەر ئەووەی دەستبەرداری کارەکەم ببم و بچمە زانکۆ، کە بەدبەختی من لە زانکۆوە دەستی پێکرد...

دەوام زانکۆ دەستی پێکرد خۆشبەختانە خۆم و دیدار ناومان لەهەمان زانکۆ هاتەووە، زۆر دلم بەووە خۆش بوو، کە کەسێکم لەگەل دەبێت لێم تێبگات، و لایەنی کەم لەسەرتاوە لەگەلم بێت، دیدار بۆ من وەک برا بوو  هەمیشە پێکەووە بووین، تەنانەت من هەمان زانکۆی ئەووم پڕ کردەووە بۆ ئەووەی لەگەلی بم...

ئیدی بەم شێووەیە، لە زانکۆ نەمدەتوانی بخووێنم چوونکە بە تەواوی لە خوێندن بێزار بووبوم بۆیە زۆرجار تەنانەت لە کاتی وانەکانیش من لە دەرەووە بووم، تێبینیم دەکرد کچێک زۆر سێرم دەکات و بەدەوورم دێت بەلامەووە سەیر بوو چونکە من خاووەن روخسارێکی، جوان، نەبووم هەروەها، لاشەم بێهێز دیار بوو ئەوویش جوانی جوانان بوو بالأیەکی بەرز و رووخسارێکی قەلەمی هەبوو و ئیدی منیش، رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر بە دەووری ئەچووم و سێرم ئەکرد و نیگامان ئەگۆریەووە، جاری وا هەبوو لە شووێنێک دا ئەنیشتم بە چەند مەترێک لەولاوە ئەو بەرامبەرم دا دەنیشت منیش لە بەرامبەر چاووی ئەودا هیچ هێزێک لە گیانم نەدەما، و لە چاووی ئەودا گەردوونم ئەبینی، هێزێک بوو کە رایدەکێشام، ئەو رۆژەی ئەو لە زانکۆ نەبوایە، منیش راستەوخۆ ئەهاتمەوە مالەووە، ئەو بۆ من بووە

روناکیەک و هەمیشە وای لێ دەکردم کە متمانەم بە خۆم هەبێت و جوورئەتیشم نەبوو بەلام هەرچۆنێک بوو رۆژێک بریارم دا، کە بچمە پێشەووە...

ئەو رۆژەی بریارم دا بچمە پێشەووە، هەر هەنگاووێک نزیک بوونەوەم لێی گیانم لە ئارەقەی خۆم نووقم ئەبوو، و دەست و گیانم ئەلەرزی پێش ئەووەی بگەمە لای ئەم پرسیارانەم بۆ دروست ئەبوو ئەکرێت ئەمە خۆشەویستی بێت؟ یاخوود ئاشق بوون؟ چوونکە من لە جیاوازی نێوان ئەم دوو دەستەواژەیە باش تێدەگەشتم، و هەتا وەکو ئەمرۆش نەمزانی چی بوو، گرنگ ئەو رۆژە هەموو هێزی خۆم بەکارهێنا بۆ کەسێکی وەک من جوورئەتێکی زۆر زۆری دەویست لەبەر ئەووەی زۆر شەرمن بووم زۆرجار بەهۆی، رێزی زیاد لە رادەی یان شەرمی زیاد لە رادە تووشی ناخۆشی دەبووم یاخوود بەهۆی ئەووەی شەرمم لە کەسێک ئەکرد، زۆرجار بە کەسایەتیەکی بێهێز و توانا لە کۆمەلگە پێناسە دەکرام، بەلام گرنگ نەبوو بەلامەووە، چوونکە، من گەووهەری خۆمم دۆزیەووە ماهی خۆمم دۆزیبۆوە، هەر کە گەشتمە نزیکی وەک ئەووەی چاووەرێم بێت، و سەری هەلبری، راستەوخۆ ووتم ئەکرێ هەندێ قسە بکەین، وا دیاربوو تێگەشتبوو، بە زمانێکی سارد پێی ووتم فەرموو، منیش کە دانیشتم گیانم سارد سارد بوو و قورگم ووشک بوو، و نەمتوانی هیچ ووشەیەک بدرکێنم، باش دەمزانی کۆتایەکەی چییە، ئەو خۆی پێی ووتم فەرموو قسە بکە مەگەر بۆ شتێکی گرنگ

نەهاتووی، وا زەرد هەڵگەڕاووی، ڕاستەوخۆ هەستی پێم کرد،سەرەتا پرسیاری ناووەکەیم کرد، و ووتی ناووم (پەریە) گیانی من پەری...
منیش ئەووەی لە دڵم بوو دەربارەی ووتم، بێ ئەووەی سێری ناوچاووی بکەم، تەنها دووجار ئاورم دایەوە و سێری چاوویم، کرد هێزم تێ نەما بۆ قسە کردنم، ئەووەندەی توانیم، بڵێم ووتم، من تۆم خۆش دەووێت، ئەزانم هەستت پێ کردووە، دەرفەتێکم پێ بدە، بۆت بسەلمێنم، لەووێ دا، ڕاستەوخۆ ووتی ببوورە من ناتوانم، نازانم بۆ وابووم و هەرگیز وانەبووم گریان ناو چاوومی گرت، و رووم وەرگێڕا تا هەستم پێ نەکات، پێم ووت مەگەر تۆ نەبووی نیگات بۆ ئەکردم؟ و بە چاو بانگت ئەکردم؟ خۆی لەو پرسیارەم دەرباز کرد و ووتی ئێووە هەڵە لە نیگای من تێگەشتوون هەر ئەوکات زانیم، کە ئەمە تەنها داووێک، بوو، چونکە زۆربەی کچانی زانکۆ ئاوهایان دەکرد تا وەکو لای هاورێکانیان بڵێن کە من ئەوەوەندە کەسم رەت کردۆتەووە، دواجار لەووە تێگەشتم... بەڵام تێگەشتن چی سوودێکی هەبوو؟

ئەمجارەیان بەو پەڕ بێهیوایی هاتمەوە زانکۆکەمان نزیکی ماڵی خۆمان بوو، لە ڕێگەی هاتنەووەم، پێم لەگەلم ناهات، تەواو بێ تاقەت بووبوم ئارەقێکی سارد ناوچاوی گرتبووم و لە ناو گێژاووێکی فکری دا بووم ئەبێت ئێستا چی بکەم؟وازبێنم یاخوود بەردەوام بم؟ من هێشتا خۆشم دەوویست دەمووویست هەر بەردەوابم واز نەهێنم تا وەکو ڕازی دەبێت، لەم بیرکردنەووە بووم کە هەر نەمزانی چۆن گەشتمە ماڵ و بەچی گەشتم، هەر کە گەشتمە ماڵ، دایک و باوکم ڕاستەوخۆ هەستیان بەووە کرد کە حالم باش نییە، زۆر هەوڵیان دا بزانن چیمە و بۆچی وام، بەلام هیچم نەدرکاند، و چوومە ژوورەکەی خۆم، و بێ ئەووەی خۆم بگۆڕم ڕاکشام، و چاوم قورس بوو، و دوای ماووەیەک بیرکردنەووە و خەووم لێکەووت، خەووێکی زۆر سەیرم بینی، بینیم لە خەوونم دا پەری و دیداری هاووڕێم پێکەووە بوون، و بە دەم یەکتریەوە پێ دەکەنین، ئیتر منیش گرنگیم نەدا، دەمزانی لە خەووێک زیاتر هیچ نییە و چاووم کردەووە، کات 12 نیووەڕۆ بوو واتە، نزیکەی 14 <u>کاتژمێر</u> خەووم لێ کەووتبو، دووبارە، کەووتمەوە بیرکردنەوە لەو کچە، و ئەمجارەیان دەمووویست دەربارەی ژیانی بزانم دیداری هاوڕێم زۆر زیرەک بوو لەو بابەتانە، ڕاستەوخۆ پەیووەندیم پێووە کرد، و هەموو شتێکم

پێ ووت و ووتی بۆت چارە دەکەم، بەراستی دیدار زیرەک بوو... ئەو دەیتوانی بە ئاسانی پەیووەندی درووست بکات و بە ئاسانیش کۆتایی پێ بێنێت،، بۆ رۆژی دواتر دیدار هاتە لام و راستەوخۆ هاتە ژوورەکەم، و ئەووەی پێوویستم بوو پێی ووتم، کە ئەو کچە باووکی لە جەنگێک کووژراوە، و تەنها دایکی و خووشکێکی گەوورەی هەیە، و پارەیی شەهیدانەی باوکیان وەردەگرن و لەسەر ئەووە ژیانیان ئەگووزەرێنن، کە ئەمەم بیست دلم بوو بە ئاو، چەندە خۆشم ئەوویست دە هێندە خۆشەوویستیم بۆی، زیاد کرد، لە مێشکی خۆم بریارم دا کە ببمە پیاو بۆی، وویستم لە دوای باووکی من ببمە هێزی، و ببمە جێی متمانەی، و نازی هەلگرم... هەفتەیەک پاش ئەووەی چوومە لای و هەموو شتێکم درکاند و رازی نەبوو تا هەفتەیەکی تر نەچوومەوە زانکۆ دوای ئەو هەفتەیەک تاقیکردنەووەکان دەستی پێکرد، و بەشەکەی ئێمە جیاواز بوو لەگەل بەشەکەی  ئەو، ئەو رۆژەی من تاقیکردنەووەم هەبوایە ئەو لە مال بوو ئەو رۆژەی ئەو تاقیکردنەوەی هەبوایە من لە مال بووم، بۆیە هەروا تێپەری بێ ئەووەی دوبارە بیبینمەوە، دانم بە خۆم داگرت تا تاقیکردنەووەکان تەواو بوو دوای هەفتەیەک دووبارە دەوام دەستی پێکرد، دامنابوو دووبارە بچمەووە لای تا بزانم رای خۆی نەگۆریەوە، بەلام ئەمجارەیان جیاوازتر لە جارەکەی تر،

ئەمجارەیان نەمتوانی یەک هەنگاو بەرەوو دیداری بڕۆم! بەهەرحاڵ، چەند ڕۆژێک ڕۆشت و هەر بڕیارم دا بچمە دیداری تا لە کۆتایی دا، هەموو هێزی خۆم کۆ کردەووە و ڕۆشتم، بەلام ئەمجارەیان لە جاران باشتر بووم چوونکە ئوومێدم هەبوو، ئەمجارەیان گەرمتر پێشوازی لێکردم، هەستم کرد گۆڕاووە، لە ئەنجامی دانیشتنم لەگەلی، زۆر شت گۆڕا
ئەمجارەیان دەرفەتی پێم دا تا بیسەلمێنم، بەلام بێ ئەقلی من لێرە بوو، سەلماندنی من لە ڕێگەی ئازاردانی، خۆم بوو، کاتێک وویستم بۆی بسەلمێنم، ناووی ئەووم بە تیغێک لە دەستم هەلکۆڵی، هەر کە ئەووەی بینی، وام لە دەستم کردووە، ئەو تورە بوو و لەو شووێنە هەستا، و ڕۆشت، ڕەنگە ڕۆشتنی، تەنها بەهانەیەک بووبێت بۆ ئەووەی لێم دوور بکەوێتەوە، گەر نا دەیتوانی پێم بلێ ئەووەی دەیکەیت خراپە، بەهەرحاڵ ئیدی دوبارە دلتەنگی باڵی بەسەرم کێشا، و دەمووویست بەهەر شێووەیەک بێت کەمێک کپ ببمەوە چوومە لای هاوڕێیەکم جگەرەیەکی پێشکەش کردم، کە بۆ یەکەم جار بوو من جگەرە بکێشم، و جگەرەکەم لێ وەرگرت، و چەند قومێکم لێدا و بە دیار دووکەڵی جگەرەکەووە، خەیاڵ بردمیە ئەو کاتەی کە لەگەل پەری ئەبم و ژیانێکی هاوبەش پێک دێنین... ئاهـ چی خەیالێک، بوو، لەو ڕۆژەوە کە یەکەم جگەرەم کێشا ئیدی دەستم کرد بە جگەرە کێشان بەلام هەرگیز لە پێش

چاوی پەری نەمدەکێشا، بریارم دابوو تا ئەو رازی دەبێت، من واز لە جگەرە ناهێنم، و هەموو سێ شەو جارێک کە برینەکانی دەستم دەبووە، زام دووبارە ناوی پەریم هەڵدەکۆڵی، نازانم بۆ وام دەکرد بەلام وام لێهاتبوو هەموو ئازارێکم خۆش دەوویست گەر بەهۆی ئەو بوایە...

کات هات، و رۆشت، هێدی هێدی، دەوامی، زانکۆش بەرەو تەواو بوون دەرۆشت، و هەر رۆژێک پەریم دەبینی، خۆی لێم دەشاردەووە، و دەرفەتی پێ نەدام، تا رۆژێکیان چوومە پێشی، رێم لێ گرت، ئاخر دلم بۆ دیداری تەنگ بوو بو، دەمووویست بەهەر شێووەیەک بێت بەس گووێم لە دەنگی بێت، بەلام ئەو رۆژ لە دوای رۆژ بێ باک تر دەبوو، وەک ئەووەی من هەر نەبووبێتم، ئەمە ئازاری ئەدام، رۆژێکیان بەرامبەرم هات، بروسکەیەک بە مێشکم، هات و منیش پێشم گرت کاتێک چوومە، پێشی لە ناو، زانکۆکە دەستی کرد بە هاوار کردن، و سووکایەتی کردن، پێم، ئاخر تاوانی من تەنها ئەووە بوو، کە خۆشم وویست، لەو کاتەی کە دەستی کرد بە  هاوار کردن کۆمەلێک خوێندکار هاتنە دەووروبەرمان، یاخود بلێم هەموو زانکۆکە لەووێ کۆبوونەوە، ئێستاش ئەو قسانەی کە دەیووت هەرگیز لە گووێم کپ نابێتەووە، کە دەیووت، تۆ بۆ واز ناهێنی، چەند جار رەفزم کردیتەووە، بۆ واز ناهێنی، مەگەر من بەم جوانیەوە، بگەمە ئاستی تۆ، ئاخر راستیشی دەکرد، ئەو بۆخۆی پەری بوو، منێکی ناشرینیش، چیم دابوو لەو، تاکە تاوانی من ئەووە بوو کە وێڵ و دیلی چاوەکانی، بووم هێشتا لەسەرووی ئەووە، من خۆشم دەووویست بەراستی خۆشم دەووویست نەمدەتوانی دەستبەرداری بم،

گرنگ نەبوو بەلامەووە خەلکی چۆن لێم ئەروانێ، تەنها گرنگترین شت بۆ من ووجودی پەری بوو، ئای پەری، ئاخر، بۆ وای مەگەر، ئەم دڵەت لە چەشنی بەردە، لەو کاتە دا من لە شووێنی خۆم سڕ بووم تەنها گووێم دەگرت، دوای تێپەرینی ئەو رۆژە، بۆ شەووەکەی بریارم دا، کە خۆم لەم دنیایە غافڵ بکەم، دەموویست کەمێک لە قورسای ئەم ئازارەم کەم بکەمەووە، سەرم داگرت و رێی ماڵەووەم گرتبە بەر، هەر چوومە ژوورەکەم و پەیووەندیم بە، هەڤاڵ کرد، هەڤاڵ هاورێم بوو ئەوویش خۆشەوویستەکەی، بەهۆی شێرپەنجەووە کۆچی دوایی کرد، و هەڤاڵیش دوای ئەو دەستی کرد بە خواردنەووەی مەی و زۆرجار دەردە دڵی لای من ئەکرد، ئەو شەووە کە پەیووەندیم پێووە کرد هەستی بە دەنگم، کرد منیش راستەوخۆ پێم ووت کە ئەمەووێت ئەمشەو منیش خۆم مەست، بکەم، ئەوویش بەلایەووە، سەیر بوو، منێک کە نووێژم نە دەرۆشت، ئێستا جگەرە دەکێشم و وا خەریکە دەست ئەکەم بە خواردنەووە، ئیتر هەرچۆنێک بێت هەڤالم رازی کرد لەسەر ئەووەی ئەو شەووە خۆم مەست بکەم، و پێم ووت کە بەشی منیش مەی بێنێت، ئیدی ئەو شەووە، چوومە. لای هەڤاڵ و، هەر کە قوتووەکەم گرتە دەستەووە، هەوایەکی سارد لە. ناخمەووە، دەرچوو، نەمزانی ئەووە چی بوو، بەڵام وەک ئەووەی بڵێت هەڵە ئەکەی، هەرچەندە گرنگیم

نەدا بەووە، و بەردەوام بووم لە خواردنەووە، ئەو شەووە ئەوەندەم خواردەووە کە توانام تیا نەما، هەستمە سەرڕێ بۆیە هەڤاڵیش هەر لەگەلم مایەووە، و ئەو شەووە هەر لەسەر جادە خەووم لێکەووت، بۆ بەیانی پیاووێک خەبەری هێنامەووە، پێی وابوو مردووم، سەیر بوو بەلایەووە گەنجێک وا لەسەر جادە، نووستوە، کە هاتە لام و هەستام بەزەیی پێم هاتەووە وایزانی من بێکەس و ماڵم، یان تەواو نیم، ئاخر مرۆڤ چۆن تێک ناچێت، بەرامبەر ئەو هەموو ئازارە؟ ئەیزانی مەست بووم، پێی ووتم وەرە لە ماڵی ئێمە خۆت بشۆ و نووێژێک بکە، نازانم چۆن ئەیزانی کە من نووێژ دەکەم، بەلامەووە سەیر بوو، کەووتمە بیرکردنەووە، لەووەی کە من وا نەبووم، من گەنجێکی نووێژ کەر، بووم، نە شەراب نە جگەرە ئەمزانی چییە، بەلکو خۆم لێی دوور ئەگرت ئێستا چۆن بوومەتە هاورێی ئەوانە؟ تەنها هۆکاری ئەمەش ئەو کچە بوو، ئاخر مەگەر خێرێک لەووە دا هەیە، کە کچێک بەرەو ئەم هەموو تاوانە بتبات؟ یان خۆم ئەم هەمووەم هەلبژارد و تاوانی ئەو نەبوو، لە ناو ئەم بیرکردنەووە بووم، کاتێک گەشتمە ماڵی پیاو چاکەکە، کە چوومە ژوورەووە، نیووەی کچێکم بینی لە ناو نێوان دەرگاکە، بەراستی نەمدەوویست سێری بکەم، بەلام چاووم چووە، سەری کچێکی باڵا رێک و سەر و سیمایەکی جوان و پۆشتە و حیجاب بوو، بۆ ئەووەی پیاوەکە و کچەکە هەست نەکەن زوو سەرم

دەگرت و بەرەو حەمام بەرێ کەووتم و خۆم شووشت، کە خۆم شووشت لەو ماڵە هەستم ئەکرد گوناحەکانم هەمووی ئەووەرێ، هەر بەراست وابوو، هەستم دەکرد پاک بوومەوە، هەر کە، تەواو بووم و خۆم گۆری و هاتمە دەرەووە، باوکی بەرماڵی بۆم دانابوو، نووێژم کرد، و هەر کە تەواو بووم، پیاوەکە هاتە تەنیشتم، و ووتی بۆم باس دەکەی بۆچی دەخۆیتەووە، ئەزانم تۆ یەکەم جارتە منیش هەر لەسەرەتاووە پێم ووت تا کۆتایی واتە ئەو رۆژەی خواردمەووە، کە هەمووی هۆکاری ئەو کچە بووە و ئەوویش کۆمەڵێ ئامۆژگاری کردم کە هەرگیز لە یادم ناچێتەووە، و لە چاکەی ئەو قسە زێرانەی دەرناچم، ووتی من ئەزانم تۆ بەو جۆرە، نیت و خۆت ئەمەت نەوویستووە کە وابیت، بەلام بارودۆخێک وای بەسەرت هێناووە، بەلامەوە گرنگ نییە بارودۆخەکە چییە، من لە جێی باوکت لە جێی برای گەوورەت، ئەمەت پێ ئەلێم، نامەووێت، سبەی بەهۆی ئەم شتە پیسانەووە ئالوودە بیت و تووشی کێشە ببیت، چونکە، ئەزانم تۆ لەم جۆرە نیت، و ناتەووێت وابێت، من دەمێکە تێبینی تۆم کردووە، و هەروەها لە نووێژیش تۆم بینیووە، بۆیە، تۆم هێنایە ئێرە، دەمەووێت بابەتێکت بۆ باس بکەم....

پیاو چاکەکە، بابەتێکی بۆم گێرایەووە، کە دلی دەکرد بە ئاو هەر بەراستی، زۆر خەفەتم، خوارد، ئەگەر ئەووی لێ نەبوایە تێر ئەگریام، ئەیووت، من کاتی خۆی کورێکم هەبوو، هەر لە تەمەنی تۆ بوو دوور لە تۆ، گەنجێکی باڵا بەرز و جوان، و بە ئەخلاق، و بەدین نووێژەکانی نارۆشت، ئەووەندە متمانەم پێ بوو، کە دەر ئەچوو، هەرگیز نەمدەووت بۆ کووێ دەرۆی، لەگەل کێ دەرۆی و بۆچی دەرۆی، تا رۆژ هات و رۆشت، هەواڵیان پێم گەیاند کە کوورەکەم هاوورێتی کەسانی، خراپ ئەکات، ئاگاداری بم، منیش دەموویست دڵنیابمەووە، بۆیە رۆژێکیان، چاوودێریم کرد، دەرۆشت لەگەل کۆمەڵێک هاورێی، لە شووێنێک دەیانخواردە، ئیتر ئەووەم، زانی، و دڵنیابووم لەووەی کە کوورەکەم دەخواتەوە و هاورێتی کەسی خراپ ئەکات، بۆ رۆژی دواتر کە کورەکەم هاتەووە هیچ قسەیەکم نەکرد، ئەوویش زۆر ئاسایی بوو بە روویەکی، خۆشەوە سەلامی لێکردم، و منیش وەڵامم دایەووە، سەرەتا چوومە لای ئەو هاورێیەی کە دانیشتبوو لەگەلی دەیخواردەوە، و پرسیاری احمدی کورم کرد، کە بۆچی ئەخواتەووە، بەڵام پێم نەووت کە کوری منە، هەر دیاربوو کورەکە هێشتا مەست بوو، کەووتە قسەکردن راستەوخۆ، ووتی ئەحمەد، کەووتە داووی، خۆشەویستی کچێک، و بەهەمان شێووە، کچەکەش

هەستی بۆی هەبوو خۆشی دەوویست، احمد تا ڕادەی پەرستن ئەوو کچەی خۆش دەوویست تا ڕۆژ هات هەواڵی مارەبرینی خۆشەوویستیەکەیان دا بە ئەحمەد، ئیدی ئەحمەدیش لەو ڕۆژەووە، دەستی کردووە بە خواردنەووە، وا نزیک ١٥،ڕۆژ دەبێت، و پاشان هاوڕێکەی پرسیاری کرد، ئێووە چی ئەحمەدن، باوکی ئەحمەد ڕاستەوخۆ ووتی، من باوکی ئەووم، کورەکە لە جێی خۆی سڕ بوو، ڕەنگی تێ نەما، دەیزانی تازە چارەی نەماوە هەموو شتی درکاندووە، لە. کۆتایی قسەکانی ووتی، ئاگاداربە ئەحمەد ماووەیەک بیر لە خۆ کووشتن ئەکاتەوە، و زۆر دەربارەی ئەدووێت تەنانەت داوای دەمانچەی لێ کردووم، کاتێک ئەمەم بیست، منیش ڕەنگم تێ نەما، بەراستی ترسام توورەیشم نەما لەووەی کە ئەخواتەوە، بەلامەوە گرنگ نەبوو تەنها سەلامەت، بێت بەپەلە بەرەوو ماڵ بەرێکەووتم، کاتێک گەشتم لای مالمان قەلەباڵغ بوو و دەنگی گریان، ناو کۆڵانەکەی گرتبوو، ئەمووت، خوایە گیان هیچ نەبووبێت، خوایە، کوری من نەبێت، هەتا گەشتمە، لای ماڵ، و پرسیارم کرد، ئاهـ لەو ڕۆژە ناخۆشە هەرگیز ئەو بەروارەم بیر ناچێتەووە، لەگەل ئەوەی کە ووتیان ئەحمەد خۆی کووشتوە، لەووێ، گیانم، سڕ بوو هیچ جووڵەیەکم نەما، وەک، ئەووەی کە بەردێکیان، دابێتە، سەرم و لەم دنیایە نەمابێتم، ئایـ ئەحمەد، بۆ وات کرد مەگەر من لە پێناو تۆ هەموو

شتێکم ناکرد، مەگەر من متمانەم پێت نەبوو، ئەحمەد ئێستاش بگەڕێووە بەخوا ئەتبوورم، منیش پڕ قورگم بوو لە گریان، و باووکی ئەحمەدیش، نەیتوانی، بەسەرهاتی کورەکەی تەواو کات، ئەووەندە گریا، تا کەمێک هێوور بووەوە، ووتی ئەزانی بۆ باسی ئەمەم بۆت کرد، ووتم بۆچی شتێک، ووتی کاتێک کچەکە زانی ئەحمەد خۆی کووشتوەوە، ووتێتی بە من چی بۆ هەواڵی ئەووم بۆ دێنن، کوری باش لێم تێ ئەگەی؟ مەبەستم ئەووەیە، ئەم کورەی منیش وەک تۆ نووێژکەر بوو بەهۆی کچێکەووە وای لە خۆی کرد و ماڵی من و خۆشی ووێران کرد بزانە ئەو کورەی من گەشت بەو کچەش بەلام کچەکە شووی کرد و وازی لە ئەحمەد هێنا، کوری خۆم ئەمەی تۆ دەتەووێ و بۆت نابێت خێری تێیە، رۆژێک ئەمەت بۆ دەرەکەووێ...

لەو قسانە بووین کە کچەکەی هات و چایی بۆ هێناین، ئەمجارەیان رووخساریم بینی، لە ژێر چاووەوە سێرم دەکرد نەمدەوویست، باووکی هەست بکات، چونکە جوان نەبوو بۆ من کە چوومەتە مالیان و سێری کچەکەی بکەم، بۆیە، زۆرجار خۆم بە شتێکەوە خەریک ئەکرد یان سێری باوکیم ئەکرد، بەلام، جوانی ئەو کچە، ستایش ناکرێت، کچێکی جوانی باڵا رێک و حیجاب، پۆشتە و بە ئەخلاق، تەنها ئەو کاتەی ئەووم ئەبینی، ئەمتوانی پەری لە یاد بکەم، پەری هێشتا لە مێشکم

دەرنەچووبو نەمدەوویست بەو ئاسانییە وازبێنم سەرەرای ئەووەی بەرامبەر من کردی هێشتا ئەووم دەوویست، بەلام قسەکانی ئەو پیاو چاکە گەوورەترین کاریگەری لەسەرم درووست کرد، کێ نالێ منیش خۆم ناکووشت؟ کێ نالێ خودا ئەو کابرایەی بۆم نارد تا رزگارم بکات و دوورم بکاتەووە؟ هەزار ئەگەری تر، ئەو پیاوە فریشتە بوو، هەتا دەرچووم لە مالیان سوپاسم کرد و بەلێنم پێ دا کە سەردانمی بکەمەووە و ئەمجارەیان باشتر ببم، چونکە بەراستی ئەوویش لە دوای کورەکەی، زامێکی، گەوورەی هەبوو، بە بینینی من، باشتر دەبوو یان ئاسوودەتر دەبوو، منیش راستی بلێم سوودم لە قسەکانی ئەو و چێژم لە بینینی کچەکەی دەبینی، ئیتر گەرامەووە، مالْ باوک و ئەوانم پرسیاریان کرد لە. کووێ بووی نیگەرانت بووین، مۆبایلەکەشت قفلّە، چیت ئەکرد، ووتم لای دیدار بووم، دوێنێ شەو کەسیان لە. مال نەبوو ئیتر خەمیان نەما، هەر کە گەرامەوە ژوورەکەم، بیرم کردەووە، نامەیەک بۆ پەری بنووسم، باش بوو ئەو کاتەی کە دیدارم نارد زانیاریم بۆ بێنێت لەسەر ئەو کچە، ژمارەکەشی بۆم هێنا..

له نامەکە دا نووسیم

سلاو خانمی ئازیز جوانی جوانان...

بمبوورە ئەووە هەلەی تۆ نییە، بەلکو هەلەی منە، هیچ گوناحێکی تۆی تێدا، نییە، تەنها وویستووتە، بەو شێووە بیت، لەگەلم کە، دوور بم لێت هەرچەنە مافی خۆتە، چی لە. ناشرینێکی وەک من ئەکەی تۆش بەو هەموو جوانیەووە بەلام، من ناتوانم ئەو راستییە قبوول بکەم، بە داوای لێبووردنەوە، ئەووە من باش ناکات، کە بمەووێت باش بم چوونکە بەراستی خۆم نامەووێت باش، بم رۆژێک ئەووەت بۆ روون ئەبێتەووە... تەنها شتێک وویستم، و ئەمەش کۆتا هەوول بوو، ئەووە بوو جارێک گووێم لێ بگریت، و لێم تێبگەی، بەلام ئەووەشت نەکرد،، تێبینی کە من چیم لە خۆم کرد لە پێناو تۆ؟ هەرچی غروورم هەبوو نەمهێشت، و پێم پێووەی نا، خۆم گەیاندە ئاستێک، کە دووربو لە کەسایەتی من ببینە، من نووێژم ئەکرد ئێستا چیم لێهاتووە، ئەمانەش گرنگ نییە چونکە بێ ئەقلی خۆمە کە ناتوانم راستێکان قبوول بکەم بەلام بەراستی بەراستی ئازارت، دام، ئاخر خواش قبوول ناکات، بەو هەموو ئومێدەووە، وات لێم کرد، هەرچی زکر و

نووێژم هەبوو ناووی تۆی تێ بوو، ئاخر یەکجار ئاوها دلت رەقە؟ من لە دەستی فکری تۆ رام ئەکرد بەس بۆ ئەووەی نەیەیتە خەیاڵم بەلام من چاووەرێی بەزەییت لێ ناکەم، چونکە بەراستی ئەووەی، خوا دایناوە باشترە لە وویستی خۆم،، تاکە شکستی ژیانیشم بووی و هەرچی سنووریش هەبوو وویستم بیشکێنم، تەنانەت بەو شێووەش دەتمووویست ئەگەر خراپەشت هەبێت، بەلام هەر نەتوویست، و لە کۆتایی دا، ئەووە تۆی کەسێک لە دەست ئەدەی، منیش چاووەرێی ئەو رۆژە ئەکەم کە رەش بیت لە پێش چاووم، هەتا ئەوکاتە، هێز نییە تۆم لە بیر بباتەووە، ئیتر دوای ئەو نامەیە، چاووەرێی هیچ وەلامێک نەبووم چونکە دلنیابووم بێ وەلام ئەبێت، ئیتر، زوو خەووتم، بۆ بەیانی کە هەستام، نەچوومە زانکۆ، ئیتر ئەمووویست ئەو کچە لە یاد بکەم، قسەکانی ئەو پیاووە هەر لە مێشکم، بوو، بۆیە نەدەچوومە زانکۆش لەبەر ئەووەی، نەیبینیم چونکە دەمزانی گەر جارێکی تر بیبینم، دووبارە ئاشقی دەبمەوە، ماووەیەک هەروابووم تا زانکۆ تەواو بوو، لەو ماووەیە دا سەردانی پیاو چاکەکەم دەکرد، کە ناوی کاک سەلمان بوو، کاک سەلمان بە بینینی من دلی ئەکرایەووە، دایمە داوای ئەکرد کە زوو بێم بۆ لای، بۆیە منیش هەرکات مەجالم هەبوایە سەردانم ئەکرد، ئیدی رۆژ لە دوای رۆژ هەستم ئەکرد کچەکەی کاک سەلمان جێگەی

پەری ئەگرێتەووە لە دلم دا، نەمدەوویست وابێت، بەلام کچەکەی کاک سەلمان، جوان و میهرەبان و زیرەک ، بوو، ئەوویش تازە دەهاتە زانکۆ، کاک سەلمان زۆر متمانەی بە من بوو، تەنانەت هەندێ جار بە تەنها دەیناردمە لای کچەکەی تا رێنمایی، زانکۆ و ئەوانەی بکەم، منیش هیچ هەڵەیەکم ناکرد چوونکە بەراستی کاک سەلمانم خۆش دەوویست ئەو رزگاری کردم، هەروەها کچەکەشی، هەستم دەکرد، کە شووێنی، خۆی لە دلم کردۆتەووە، بەلام هەرگیز لەووە نەدەگەشتم، کە ئەو کچەش بەهەمان شێووەیە منە، بۆ من؟ نەمدەزانی چونکە جارێک ئازاری ئەووەم چەشت نەمدەوویست دووبارە ببێتەوە، لەگەل ئەووەش ئەو کچی کاک سەلمانە، کاک سەلمان بۆ من وەک مامەم وابوو، هەمیشە لە هەموو حالەت و بارووددۆخێک یارمەتی ئەدام، ئیتر رۆژەکان بەم شێووەیە تێپەرین، تا شەووێکیان لە. ژوورەکەی خۆم راکشابووم بیرم ئەکردەووە، لەووەی کە من ئیتر ئەبێت هەوول بدەم باشتر و جوانتر بم، نەک لەبەر خۆم بەلکو بۆ ئەووەی رۆژێک پەری من ببینێت پەشیمان بێتەووە، ئەو رۆژانە تازە ریشم دەهاتەوە، و ئیتر زۆر گرنگیم بە خۆم دەدا هەتا خواردنیشم، زیاد کرد رۆژانە چەند ژەمێکم دەخوارد، بۆ ئەووەی کەمێک قەلەوو تر ببم هەتا دەوامی، زانکۆ دەست پێ ئەکات، هێدی هێدی ئەو کچە لەبەر چاووم رەش بوو، و تا وای لێهات بوون و نەبوونی

کاریگەریم لەسەر درووست نەکات، راستە، ناتوانی لە بیری بکەیت چونکە لەو خالەی دەلێی لە بیرم کردووە راستەخۆ دێتەوە بیرت، کەواتە منیش لە بیرم نەکردبوو بەلام راهاتبووم ئەگەر نەبێتیش زۆر ئاساییە، لەم ماوەی پشووە، کرێکاریم دەکرد پارەیەکی باشم پەیا کرد بۆ خۆم و پارەی زانکۆکەم، و ئیتر کاتی دەوامیش نزیک بۆیەوە، چووم کام جل جوان بوو کریم، و بێ دلی خۆم نەکرد.... یەکەم رۆژی دەوام قژ و ریشم چاک کرد، و جلەکانم کردە، بەرمەووە، کە چوومە بەردەم ئاووێنەکە، بە وەسفی خۆم نەبێت تەواو گۆرابووم ئەمجارەیان خۆم خۆشدەوویست گرنگیم بە خۆم دەدا، لە چاو ئەوجارەی کە چوومە پێش ئەو کچە تەنها کەسێکی ناشرین و لاواز، بووم بەلام ئەمجارەیان تەواو گۆرام، چەند دەقەیەک لەبەردەم ئاووێنەکە وەستابووم و خەیالم ئەکرد، تا هاتمەوە هۆش خۆم و بەرەو زانکۆ بەرێ کەووتم، لە رێگەی زانکۆش هەر بە خەیاڵ ئەرۆشتم، ئاخۆ ئەبێت وای لێ بکەم پەشیمان ببێتەوە؟ ئەمە هەر لە خەیالم بوو تا گەشتمە، ناو زانکۆ لێدانی دلم دەهێندە زیادی کرد ئەمجارە، ئەمووویست خۆم بگرم وای نیشان دەم کە بێباکم لەو کچە و متمانەی تەواوم بە خۆم هەیە و باشتر بوومە، چووم لە. کافتریای زانکۆکە دانیشتم دیداریش هات لەگەلم زۆری پێ نەچوو، پەریش هاتە ژوورەوە، هەر کە هاتە ژوورەوە من کۆنترۆلم نەما

بەسەر جەستە و هەستەکانم گیانم ئەلەرزی ئارەقەم ئەکرد، بەلام وا خۆم نیشان ئەدا کە زۆر باشم و بێ عەیبم تا لە شووێنێک دانیشت، چەند جارێک لە ژێر چاووەوە سێرم دەکرد، دەمبینی ئەوویش سێرم ئەکاتەووە، تێنەدەگەشتم لە نیگاکانی بەلام چاووی لەسەر لانابرد،، ئیتر ماووەیەک بەو شێووە تێپەری من خۆم لێی ئەشاردەووە، زۆرجار ئەو بەرامبەرم بهاتایە، من ئەگەرامەووە بەپەلە، بەلام بە روونی دیاربوو پەشیمان بووبوە، تا وەکو رۆژێکیان لە ناو هۆڵی زانکۆکە بە تەنیا وەستابووم چاووەرێی دیدار بووم، گووێم لێبوو کچێک لە پشتەووە بانگی کردم، دەنگێکی ناسک بوو زوو ناسیمەوە، زانیم پەرییە، ئاوورم نەدایەووە، خۆم دا لە گێلی، وەک ئەووەی هەر گووێم لێ نەبووبێت، دووبارە جارێکی تر بانگی کردمەووە، و هاتە بەرامبەرم وەستا، ووتی چۆنی ئەووە چییە وەلامیشمان نادەیتەووە و خۆت ئەشاریتەووە، منیش زۆر زۆر شەرمم ئەکرد، قەت وانەبوومە، چونکە ئامادەی ئەووە نەبووم خۆی بێتەوە پێشم، منیش ووتم شەرم ئەکەم حەزم ناکرد جارێکی تر بێمەووە، پێشت، ووتی دەکرێت هەندێ قسە بکەین مەجالت هەیە، منیش بۆ ئەووەی تۆڵەی ئەووەی لێ بکەمەووە، کە بەرامبەر منی کرد، ووتم ببوورە ئێستا ناتوانم چاووەرێی دیداری هاورێم ئەکەم و ئەرۆمەوە، خۆی واش نەبوو بەس دەموویست دەرباز بم لێی، تا ئەووەی

خواحافیسیمان کرد، و من ڕۆشتم، هەتا کە ڕۆشتم دووجار ئاوورم دایەووە ئەو هەر سێری ئەکردم و لە شووێنی خۆی ووەستابوو، ئەلەووێ بوو هەستم ئەکرد تاوانم بەرامبەری کردووە، بەڵام گرنگیم نەدا من ڕۆشتمەووە مال، کە گەشتمەووە ماڵ ئەو شەووە خەووم لێ نەکەووت نەمدەزانی لە خۆشی ئەووە خەووم لێناکەووێت، کە ئەمجارەیان من بردمەووە، یاخوود لە خۆشی ئەووەی کە گۆرانم کاریگەری لەسەر دروووست کرد، هەرچۆنێک بوو ڕۆژ بۆوە، زۆر بە تامەزرۆی چاووەڕێی دەوام بووم، تا ئەووەی ڕۆژ هاتەووە و بەرەو دەوام بەڕێکەووتم هەر بە خەیاڵ هەموو شتێکم ئامادە کردبوو بۆ دیداری، بەڵام بەدبەختی من ئەو ڕۆژە هەموو زانکۆکە هاتبوون بەڵام ئەو نەهاتبوو، دووبارە بەدبەختی، دیسانەوە جێگەی خۆی گرتەووە، من دوای ئەووە دەبوایە، وازم لێ بهێنایە، و ڕووم پێ نەدایە بەلام چی لە دل بکەم؟ ئایـ دل نەفرەتت لێ بێت، هەمیشە ئەکەوویتە داووی هەڵەوە، ئەو ڕۆژەشم بەرێ کرد، دووبارە نیگەرانی باڵی کێشا بەسەرما، و خەم دەواری هەلدا لە ناخما، چۆن من ئەو هەمووەم لە بیر کرد کە بەرامبەر منی کرد؟ خۆشەویستی ئەووەندە زالە؟ لەو نێوانە بووم کە دیدار هاتە شووێنم تا برۆینەووە، چەند ڕۆژێک بەو ئوومێدەوە، ئەهاتمەوە زانکۆ کە پەری ببینم بەلام ئەو هەر نەهات، چەند هەفتەیەک تێپەری و پەری

هەر دەنگی نەبوو، منیش سەیرم هات، بۆیە چووم پرسیارم لە هاورێکەی، کرد، کاتێک پرسیارم کرد ووتیان ئەووە نزیکەی دوو هەفتەیە مالیان گواستۆتەوە و لێرە نەماوون زانکۆکەشی گواستەتەووە، بۆ شارێکی نزیک خۆمان، ئاخر بۆ دەبێت بەختی من وابێت؟ مەگەر لە تەواوی دنیا، کەسێک هەبێت، وەک من بێبەخت؟

لەو کاتە دا دیدار هاتە لامەووە و کەمێک دلی دامەووە، بەلام من هەر باش نەبووم، ئەو شەووە گەڕامەوە مال هەر بیرم لێ ئەکردەووە، ئاخۆ ئەبێت چی بکەم ئێستا بیرم کردەووە کە منیش زانکۆکەم بگوازمەووە، ئەووێ، ئەو شەووە نەخەووتم تەنها بیرم ئەکردەووە تا بریارم دا بچم بەدوای بۆ زانکۆکەی و منیش بیگوازمەووە... کە ئەمەش بەدبەختیەکی تری بەدواووە بوو...

ئەو شەووە تێپەڕی و بۆ بەیانی بڕیارم دا کە زانکۆکەم بگوازمەوە، بۆیە بە دایک و باوکم ووت، بێگوومان ئەوانیش ڕازی نەبوون چونکە، ئەو زانکۆیەی ئەووێ پارەی زیاتری دەوویست و جگە لە بەشی ناوخۆی، و مەسرەفی ئەووێ پارەیەکی باشی دەوویست، منیش نەمدەزانی چی بکەم بۆیە چوومە لای دیدار بەلکو ئەو بیرۆکەیەکی باشم پێ بدات، هەموویم پێ ووت کە ئەمەووێ بچمە ئەو زانکۆیەی پەری، ئەوویش وایزانی بە گاڵتەم بوو تێر پێکەنی، تا توورە بووم و بەجددی بابەتەکی وەرگرت، ئەوویش هەمان قسەی دایک و باووکمی کرد، تا لە کۆتایی دا، ووتی باشترین چارەسەر ئەووەیە ئیشێک لەووێ بدۆزیتەوە، منیش بە دایک و باووکم ووت ئەوانیش رازی بوون بۆ بەیانێکەی من و دیدار چووینە، ئەو شارە بۆ ئەووەی ئیشێک بدۆزمەوە ڕەنگە تەواوی ئەو شارەم گەرابێت ئیشێکم نەدۆزیەوە، چونکە ئەوکاتە، گرانیی بوو هیچ دووکان دارێک نەیدەتوانی شاگردێک بگرێت، هەمووی پارەکەی بەس بەشی خۆی دەکرد، ئەووەشی شاگردی هەبوایە یان خزمی خۆی بوو یان دەمێک بوو لەووێ بوو، ئیتر منیش بێ هیوا بووم، و سەرم داخست کە دیدار بەو شێووەیە منی بینی، بەزەیی پێم دا هاتەووە، تا ئەووەی ووتی من مامەیەکم

هەیە لێرە خۆی وەستای کاشیە، دەتوانی کرێکاری بکەی ئەگەر پێی بلێم؟ ووتم بەلێ بێگوومان بەلام ووتی کە مامەم باش نییە لەگەل شاگردەکانی و زۆر ماندوویان ئەکات منیش ووتم گرنگ نییە گرنگ لێرە بم و پارەیەک دابین بکەم بۆ زانکۆکەم، ئیتر بۆ شەووەکەی چووینە مال مامەی و دیدار بە مامەی ووت کە  دەمەووێت ئیش بکەم لەگەلت، و بۆ بەیانی، زوو دەبێت، کاتژمێر پێنجی بەیانی هەستین بۆ ئیش، ئەو بەیانییە هەستام بۆ ئیش، و جلی ئیشم کردە بەرمەووە، بەیانیەکی سارد، دەستم مەیی بوو، کاشیەکانیش وەک هەمیشە سارد سارد بوون، ساردی ئەو کاشیانە، بە ناخما ئەرۆشت، و ئەهات، وەک دیدار ووتی وەستاکە زۆر منی ماندوو کرد، هەتا وەکو هەرچی پیسایی ناو ئەو مالە هەبوو کە ئیشمان تێ ئەکرد، بە من پاکی ئەکردەووە، بەم شێووەیە هەفتەیەک ئیشم کرد تا گیانم راهات لەگەل ئیشەکە، و ئێوارانیش ئەچوومە زانکۆ، ئیشی زانکۆکە و گواستەووەکەم تەواو ئەکرد زانکۆی ئێمە ئێواران بوو بە پارە ئەمخووێند، ئەو هەفتەیە پارەکەم وەرگرت، جلێکی جوانم کری و خواردنێکی باشم خوارد هەتا ماندوویەتی گیانیشم دەرچوو، ئینجا، دەستم کرد بە گەران بەدوای پەری، زۆری پێ نەچوو دۆزیمەووە، بەلام نەمووێرا بچمە. پێشەووە جوورئەتم نەبوو، کەمێک بەدوای رۆشتم تا ئەووەی چووە لای کورێک بە تەنها پێکەووە دانیشتن، من و

دیداریش چاوودێریمان ئەکرد، ئەووەندە توورە بووم گەر دیدار نەبووایە، هەموو گیانی ئەو کورەم ئەشکاند بەڵام باش بوو دیدار لەووێ بوو منی هێمن کردەووە، ئەو ڕۆژە زۆر بە توورەیی گەڕامەووە، ماڵ مامەی دیدار، مامەی دیدار سەرەڕای ئەووەی زۆر. ماندووی ئەکردم، زۆریش باش بوو بۆم چونکە لە خانووەکەی خۆی شووێنێکی بۆ دابین کردم، لەو ژوورە پشووم ئەدا و ئەمامەووە، مامەی دیدار، بەو شێووە نەبوو کە دیدار باسی ئەکرد ئەوویش چیرۆکی خۆی هەبوو، ژیان چۆکی پێی دابوو، ماندووی کردبوو بۆیە زۆرجار توورە دەر ئەکەووت و بەزەیی نەبوو، بەڵام ناخی ئەو پر بوو لە میهرەبانی و خۆشەوویستی، بەڵام ئەو پێی وابوو ئیدی گرنگ نییە، خۆشەویستی و میهرەبانی ببەخشێتە دەووروبەری دوای خێزانەکەی، چونکە مامەی دیدار. کە ناوی مەهدی بوو، تەواوی، خێزانەکەی دوو کور و کچێکی و ژنەکەی لە ڕووداوێکی هاتووچۆ گیانیان لە دەست دا، تەنها کاک مەهدی و کوڕێکی مابوو، کورەکەشی لەگەڵی خۆی کاری دەکرد، کورەکەی زۆر باش و میهرەبان بوو لەگەڵ من زۆر هاوکاری ئەکردم، چیرۆکی کاک مەهدیش بەو شێووەیە بوو بۆیە، زۆرجار توورە دیاربوو، گرنگ ئەو ڕۆژەی کە هاتمەووە زۆر توورە بووم، هاتمەووە دووبارە خۆم بریندار کرد و ناوویم نووسی لە دەستم، ئیتر بۆ سبەی دوای ئەووەی

هاتمەووە لە ئیش زۆر بەپەلە بووم تا شتێکی نووێ بزانم دەربارەی ئەو کچە زوو خۆم شووشت و رێگەی زانکۆم گرتە بەر، ئەمجارەیان پەریم بینی. بە تەنیا بوو، جارێک بەلای دا تێپەریم، و هیچم نەووت ووتم بەلکو خۆی بانگم بکات، کە منی بینی، چاووی بە تەواوی کرایەووە، زۆر بەلایەووە سەیر بوو، هەر سێری ئەکردم مێشکی وەری ناگرت کە من هاتبێتنم و ئەووەندە رێم بریبێت، وای ئەزانی کە هاووشێووەکەمی بینیووە، و سەری داخست، منیش جارێکی تر هاتمەووە بەردەمی ئەمجارەیان چوومە پێشی و سلاو لێ کرد، پاش هەواڵ پرسین و ئەوانە، پێم ووت کە لەبەر ئەو هاتوومە، و ئەم هەموو رێیەم بریووە، پاشان کەمێ سەری داخست و ووتی درەنگ هاتی، کە وای ووت تێگەشتم ئیتر، خۆم پێم ووت کە پەیووەندیت هەیە؟ ئەوویش ووتی، بەلێ کورێکە لەم ماووەیە دێتە خوازبێنیم، و ئیتر هەر وەسفی کرد منیش بەرچاووم رەش بوو، ئیزنم لێ وەرگرت و هەستام و رۆشتمەووە، زۆر زۆر بێزار بووم وەک ئەووەی دنیا لەسەر شانم بێت، ئاخر کێ وەک من بوو بۆ ئەو؟ مەگەر هەموو شتێک ناکەم، بەس بۆ ئەووەی پێی بگەم؟ ئاخر بۆ هەمیشە من درەنگ ئەگەم؟ جیهانی من و ئەو جیاواز بوو؟ هەرگیز لەو هاوکێشەیە تێنەدەگەشتم کە ئایا بۆچی هەمیشە درەنگە بۆ من؟ تازە ئەبوایە ئەمسالم لەووێ بخووێندایە هەرچۆنێک بوو ئەو سالە بە کرێکاری و

خووێندن خۆم سەرقاڵ کرد، تا ئەووەی برێک پارەی باشم کۆ کردەووە، و توانیم ئۆتۆمبێلێک بکرم، هەرچەنە کۆن بوو بەلام ئۆتۆمبێلێکی چاک بوو سێ بەشی ئیشەکانی رۆژانەمی راپەراند، و رێگەی زانکۆکەمی نزیک کردەووە، ئەو ساڵە هەرچۆنێک بوو تەواو بوو ئیتر منیش کەم جار بیرم لە پەری ئەکردەووە زیاتر سەرقاڵی کارەکەم و خووێندنەکەم بووم، ئەو ساڵەش نمرەیەکی زۆر باشم هێنا لەگەل ئەووەی کارم ئەکرد بەلام زۆر باش بووم لە خووێندنەکانم هەروەها کاک مەهدی و کورەکەی و دیداریش زوو زو ئەهات، زۆر باش و میهرەبان بوون لەگەلم هەرگیز چاکەی ئەوانم بیر ناچێتەووە، ئیتر هێدی هێدی گەرامەوە شارەکەی خۆم، زۆر دلتەنگ بووم چونکە من لەسەرووی هەموو ئەو شتانەی بۆم کرد دوو ساڵیش بەدوای بووم کەچی ئەووە وەڵامی بوو ئیتر دوای ئەووەی هاتمەوە سەردانی ماڵەووەم کرد و دووبارە بە خێزانەکەم شاد بوومەوە، زۆر بیری باووەشی باوکم و سۆزی دایکم ئەکرد، تووند بۆ ماووەیەک لە نێوان باووەشیان بووم لەووێ منداڵ بوومەوە، هەربەراست منداڵ بووم پێوویستم بەو سۆزە منداڵیە بوو، هەستم ئەکرد کە تەنیا نیم هەستم ئەکرد کە گرنگم بەلای کەسێکەووە، ئینجا دوای ئەووە یەکەم کارم سەردانی کردنی کاک سەلمان بوو، پیاووە فریشتە ئاساکە، چوونکە دەروونم زۆر ماندوو بووبو زۆر پێوویستم بە

قسەکانی بوو، قسەکانی ئەو بۆ من تیمار بوو، کاتێک ڕۆشتم بۆ لای مالیان بینیم دەرگاکەیان داخراوە، چەند جارێک دام لە دەرگایان، هەر وەلامیان نەبوو، لەووێ پرسیارم لە دراووسێکەیان کرد، ووتی دەمێکە باریان کردووە، پرسیاری ناوونیشانم کرد باش بوو هەر نزیکی خۆمان بوون، ئیتر چووم بەدوای مالیان تا دۆزیمەووە دام لە دەرگا، کچەکەی دەرگای کردەووە، هەزار ماشاءالله لە کچەکەی، سەد جار لە جاران جوانتر بووبو، بەلام هەواڵە ناخۆشەکە لێرە، بوو کاتێک چوومە ماڵەووە، دانیشتم پرسیاری کاک سەلمانم کرد، کچەکەی بە خەمباریەووە سەری داگرت، لێدانی دلم زیادی کرد، ترسم لێ نیشت، زانیم وەلامەکەی چییە بەلام نەمدەوویست گووێم لێ بێت، کچەکەی ووتی باووکم هەفتەیەک پێش ئێستا بە جەڵتەی دل کۆچی دوایی کرد، ئای لە بەدبەختی من ئای لەو ڕۆژە ناخۆشە، گریان ناو چاووم قەتیس بوو، هیچم بۆ ناووترا، ئاخر بۆ ئەبێت بەختی من وابێت، ئەو بۆ من هەموو کەسێک بوو، تەنانەت وەک مامەیەک یان برایەکی گەوورەم سێرم ئەکرد و قسەم لێ وەر ئەگرت هەرگیز ووشەکانی لە یادم ناچێت، ئێستا رووحی ئەو ئاسوودەیە لەگەل کوورەکەی، هەمیشە لە دێری دووعاکانم ناووی ئەو دەهێنم، ئەو رێگر بوو لەووەی ببمە کەسێکی خراپ، گەرنا ئێستا من جۆرێکی تر بووم، هەر ئەو ڕۆژە هاتمەووە بیر ئەکردەووە، کە

ئەم کچ و دایکە، کەسێک نییە، لە لایان بێت و هەمیشە تەنهان، بۆیە منیش بریارم دا، ببمە پیاو بۆ کچەکەی و وەک پیاووێک ئاگام لێ بێت، و دایکیشی ببەمە لای خۆم، ئیتر زوو زوو ئەچوومە لایان هەرجارێکیش ئەچووم کۆمەڵێک خواردنی زۆر باشم ئەبرد لەگەل خۆم، و زۆرجار لەگەلیان نانم ئەخوارد و ئەموویست، زیاتر ئاشنای کچەکەیان بم، کچەکە ناووی نوور بوو، نووریش سەرەرای ئەو هەموو خەمەی هەیبوو هەمیشە بەرووی من دا پێ دەکەنی، ئەو بەهێز بوو کە توانی بەرگەی ئازاری مردنی باوکی و براکەی بگرێت، سەرووی ئەووەش هەمیشە خۆی ئەپاراست، و دایمە حیجابەکەی کردبوو، و وەک هەمیشە جوان بوو، نووریش ئەمسال دەهاتە زانکۆ، خۆشبەختانە ناووی لە هەمان زانکۆی ئێمە هاتەووە، بۆیە من زۆر چاووم لێی بوو، ئەو ساڵە دەوام دەستی پێکرد، هەمیشە ئاگاداری بووم زۆرجار بە خاووەن کافتریاکەم ئەووت ئەو کچە چی خوارد لەسەر من حیسابی بکە، چونکە من برە پارەیەکی باشم هەبوو، لەگەل ئەووەی لە زانکۆش بووم جار جار ئیشی کاشیم ئەکرد چوونکە خۆم بووبومە وەستا و زۆر باش فێربووبوم، لەگەل ئەووەی برێک پارەم بۆ خۆم هەل ئەگرت و برێکم بۆ ئەوانیش دا دەنا و بەشێکیش بۆ خۆم، خۆم مەسرەفم زۆر کەم بوو، ئیتر هەروا بوو تا رۆژێکیان، لە زانکۆی خۆمان پەریم بینی، شۆک بووم لە جێی

خۆم سر بووم، کاتێک منی بینی ئەوویش سەیری هات چونکە لەگەڵ نوور دانیشتبووم، بەڵام ئەمجارەیان پەری بوون و نەبوونی وەک یەکێ لێهاتبوو لای من، بەس کە بینیم سەیرم هات، دوای بە دیدارم ووت بزانە بۆچی هاتووە، دوای ئەوویش ووتی کە هاتۆتەووە ئێرە دووبارە و لێرە ئەخووێنێت...

ئیتر تەواو بێزاربووبوم لە بوونی پەری، چونکە ئەو بەرەو زۆرکاری خراپ منی برد، ئەمجارەیان کە منی بینی خاووەن ئۆتۆمبێلی خۆم بووم و کچێکم لەگەلە، ئیرەیی پێم ئەبرد ئەیوویست نێوانمان تێک بدات منیش دەربارەی پەری هیچم بە نوور نەووتبو، چونکە هێشتا پەیووەندی من و نوور نەگەشتبووە ئەو رادەیە هەموو شتێک باس بکەم، تا رۆژێکیان پەری و نوورم بینی پێکەووە، ئای لە بەختی من دەمزانی ئەم پەرییە ناهێلێت ئاسوودە بم، هەر ئەو رۆژە زانیم کە بەدبەختیەکی تری هێناووە، دوای ئەووە بۆ رۆژی دواتر رووی لای نوورم نەبوو نەمدەوویست بچمە لای چوونکە دەمزانی، کە پەری هەموو شتێکی پێ ووتوە، تا ئەووەی رۆژێکیان، نوور خۆی هاتە لام، و بانگێشتی کردم، ئاخر چۆن رووم بێت سێری ناوچاوی بکەم؟ لە شەرم دا ئارەقەم دەکرد، راستەوخۆ پێی ووتم ساردەووە بوویتە ماووەیەکە دەنگت نییە و دیارنیت، منیش خۆم نەگرت، پێم ووت ئەو کچە چی ئەکرد لەگەلت، ئەوویش ووتی کێ مەبەستت خۆشەوویستەکەت پەری؟ لەووێ بووم سڕبووم خووێن لە گیانم وەستا، و ئاگام لە دەووروبەر نەما، ئاخر خۆشەویستی چی؟ منیش ووتم ئەو پێتی ووتوە کە خۆشەوویستین، ووتی بەلێ هەموو شتێک دەزانم مەجالی ئەووەی نەدا بۆی روون بکەمەووە، کە بەو شێووەیە نییە، من پەریم لە دل نەماووە بەلام ئەو، مێزەکەی

جێهێشت و ڕۆشت، منیش کەووتمە بیرکردنەووە کە ئەبێت ئەم کچە بۆ وای کردبێت دە هێندەی خۆشەوویستیم بۆی، ڕقم لێ هەستا ئێستا لەجیاتی ئەووەی خۆشم بووێت ڕقم لێیەتی، چوونکە ئەو ئاسوودەیی منی تێک دا، بۆ ڕۆژی دوای نوور نەهات بۆ، زانکۆ، و ئەووەش بۆ من باش بوو چونکە دەبوایە، پەری باجی ئەم کارەی بدایا، چوومە لای پەری، و پێم ووت چیت لە من دەووێت؟ ئێستا بۆ وا ئەکەی کە ئەبینی ئاسوودەم؟ لە وەلام دا ووتی من تۆم خۆش دەووێت، نامەووێت هیچ کەسێک لە دەوورت بێت، ئەو کچەش بۆیە پێم ووت خۆشەوویستیم تا جارێکی تر نەیاتەووە لات، زۆر تووڕە بووم بەووە، ووتم دەزانی ئەووە کێیە لە خۆتەووە وات پێ ووتوە؟ ووتی بەلێ ئەزانم ئەو کچە هەتیووە، چییە خۆشت وویستووە، سێری من بکە، هەموو کورانی، زانکۆ بەدوامن، جوانم دەوولەمەندم، تێبگە منیش کەووتومەتە داووی تۆووە، ئاخر مەگەر ئەکرێت دوای ئەو هەموو هەوولەت پەشیمان بیتەووە ئێستا، ووتم سەرەتا بەووە مەلێ هەتیو، ئەو کچە بەس حیجابەکەی دە کەسی وەک تۆ دێنێت، ئینجا، تۆ چیت سووکایەتی بەو بکەی ئەوکاتەی، بەدوای تۆ بووم، باووکی ئەو نەبوایە بەرەو هەزار خراپە منت ئەبرد، ئێستاش ئەتەووێ ئەو ئاسوودەییەم لێ تێک بدەیی، ڕۆژانێک بەدوای تۆووە، هەموو دنیام فەرامۆش ئەکرد، تۆم

بەهەموو هەڵەکانت ئەوویست، سەرەرای ئەووەش سووکایەتیت پێم کرد ئاخر مەگەر تۆ نەبووی ووتت جوانێکی وەک من چۆن ئەبێت لەگەڵ ناشرینێکی وەک تۆ من هەموو رۆژێک بە دیار ئەم قسانەت بە گریانەووە رۆژم ئەکردەووە رۆژێک لەو ئازارانەم تێنەگەشتی، رۆژ نەبوو ناوی تۆ لەسەر قۆلم هەڵنەکۆلم، ئاخر مەگەر ئەمە باجی چی بوو؟ تەنها خۆشوویستن؟ شار بە شار بە دوات گەرام ئینجا وات لێکردم، ئێستاش دەلێی خۆشم وویستووی؟ تازە درەنگە بۆ ئەووە ئەزیزم، ئەووەی تۆ دەتەووێت خۆشەویستی نییە، بەلکو، تەنها، حەزەکانتە، منیش ناتوانم بەو شێووەیە بم لەگەلت، چەرخی ئێمە بە پێچەوانە سورایەووە ئێستا تۆ هاتووی و چاووەرێی خۆشەویستی من ئەکەی، بەلام ببوورە، کە من ناتوانم ئیتر ئەو کەسە بم بۆت، بیرتە ووتم چاووەرێ ئەکەم تا ئەو رۆژەی رەش ئەبیت لە پێش چاووم، ئەمەش ئەو رۆژەیە، بە بێ ئەووەی چاووەرێی وەلامی ئەو بم رۆشتمەووە...

هەستم کرد زۆر بریندارم کرد ئەوویش کچە و هەستی هەیە، بەلام ئەووەی بەرامبەر من کردی شایەنی لێبووردن نەبوو، من ئەگەر نوور نەبوایە رەنگە قبوولم بکردایە، بەلام ئەم ماووەیە نوور گووڵی هیوای لە دلم چاند، ئەو منی ژیانەووە، و بەرەوو باشتر بوون بردمی، هەروەک چۆن باووکی

دەستمی گرت و جارێک رزگاری کردم...

هەر لە زانکۆوە بەرەو مالی نوور بەرێکەووتم دەموویست راستی ئەو بابەتەی بۆ روون بکەمەووە، کاتێک دام لە دەرگایان، دایکی دەرگاکەی کردەووە، وویستم بچمە ژوورەوە دایکی نەیهێشت، ووتم چی بووە، دایک نوور، ووتی نازانم چیت بەرامبەر نوور کردەووە لەووەتەی هاتۆتەووە ئەو کچە ئەگریەت، ئەیزانی تۆ دێیت ووتی مەیکە ژوورەوە، سووێندم خوارد کە تەنها هەڵە تێگەشتنێک بوو، و هیچی تر بەلام دایکی نەیهێشت بچمە ژوورەووە، ئیتر، منیش رێی مالی، خۆمانم گرتەووە بەر، ئەو شەووە تەواو بێزار بووم لە پەیووەندیەکان، بیرم دەکردەووە کە ئیتر بە تەنها، بم نە بۆ نوور ببم نە بۆ پەری، هەروەها بۆ بەیانێکەی وام کرد، ئیتر گرنگیم بە کەسیان نەدەدا...

ئیتر دەستم، کردەووە بە ژیانێکی نووێ، چونکە بەراستی دوای پەری بێزار بووم، لە خۆشەوویستی هێندەی ئازارم چەشت، بەلام لە دلەووە هەمیشە ئاگاداری نوور بووم، دایمە مەسرەفیم ئەکرد، نەمدەهێشت لە هیچی کەم بێت، بەلام تاکە شتێک کە ئازاری ئەدام، ئەووە بوو نەیدەهێشت بۆی روون بکەمەووە، منیش وام لێهاتبوو بێزار بووم لە راکردن، بە دوایی خۆشەویستی، نوور زۆر میهرەبان، لەسەرووی ئەووە ئەگەر برۆشتمایە، و زۆرم لێی بکردایە منی دەبووری بەلام من خۆم ئەووەم هەلبژارد کە ماووەیەک بە تەنهابم، چونکە بیر و هۆش و دەروونم لە جێی خۆی نەبوو، تەواو ماندوو بوبووم دەموویست ماووەیەک وەک جارانم لێ بێت، ئیدی کەس گرنگ نەبێت بەلامەووە، لەو ماووەیەش تەنها کێشەی من زانکۆ بوو، هەرکات ئەچوومە زانکۆ دلم توووند ئەبوو، هەرجارێ کە پەریم ئەبینی، ئەوویش بەزەییم پێ ئەهاتەووە، لەسەر ئەو قسانەی پێم کرد، ئاخر ئەوویش رەنگە پەشیمان بووبێت، رەنگە وویستبێتی، ژیانێکی نووێ دەست پێ بکات رەنگە....

لە لایەکەووە، نوورم دەبینی، ئەوویش چاووەرێ بوو، بچمە لای و داوای لێبووردنی لێ بکەم، ئەووەندە گریابوو چاووەکانی تەر تەر بووبون، ئاخر،

ئەووە ئەژنۆی منی ئەشکاند، چۆن ئەبێت، وا لە کچێک بکەم، دوو هەفتە بەم شێووەیە خۆم گرت، تا رۆژێک نوور بەرەوو رووم هات، منیش بە هەلێکم زانی تا قسەی لەگەل بکەم، بۆ ئەووەی سەلامی لێ بکەم ووتم ئەمەووێ هەندێ قسە بکەین، سەرەتا بە نازێکی کچانە ووتی ببوورە ناتوانم، تا زۆرم لێکرد، کە ئەبێت قسە بکەین گرنگە، ئیتر، هەرچۆنێک بوو رازیم کرد لەسەر ئەووەی قسە بکەین، منیش هەرچی هەبوو پێم ووت لەسەرەتاووە، بەراستی و دروستی و هەموو ئەووەشم باس کرد کە ئەو کچە درۆ ئەکات خۆشەویستی من نییە، ئەمەم ووت کەمێک گەش بۆیەوە، و دلی خۆش بوو من بەهێلەکانی دەمووچاوی ئەمتوانی بزانم کە نیگەرانە یان دلخۆش بەلام دەیووویست وای خۆی دەرخات کە نیگەرانە، لەووەی رووی داوە، ئیتر بەم شێووەیە داوای لێبووردنم لێکرد، و ئەو هیچ ووشەیەکی نەووت و رۆشت ئیتر دووبارە رۆژ لە دوای رۆژ وەک جارانی لێ ئەهات نێوانمان بەلام من بێزار بووم، ئیتر، نەمدەوویست ئازاری ئەو کچەش بدەم، پەریش لەولا هەوولی بۆم ئەدا، نەمدەزانی چی بکەم لەم نێووەندەدا، تا پەیووەندیم بە دیدار کرد، و بێت چارەسەرێکم بۆ دابنات دیدار هەمیشە بۆ هەموو کێشەیەک چارەسەری لابوو، ئیتر، ئەوویش هاتە لام، و دوای، سەلام کردن، ووتم دیدار من ماندوو بوومە ئیتر ناتوانم ئەم یاریە، بکەم من ئیتر

پەریم ناووێت، ئەو ئازاری داووم جگە لەووەش سووکایەتی پێم کرد، نووریش، کچێکی زۆر چاکە، کە بینیم لەبەر من گریاووە خۆم لەبەر چاو کەووت، نامەووێت ئازاری ئەو کچە بدەم بەلێنم دابوو ببمە پیاو بۆی، هەرچی هەبوو بۆم باس کرد، دوای ئەووە دیدار ووتی تۆ ماندووی پێوویستت بەسەفەرێکە، من و دیدار و کور مامەی دیدار ئەووەی کە ئیشم ئەکرد لەگەلی، سەفەرێکمان رێکخست، بۆ ماووەی یەک هەفتە، سەفەرەکەمان دوای دوو رۆژ بوو، دوای دوو رۆژ هەمووومان ئامادە بووین، لە فرۆکە خانە، تەواوی پێداووێستیەکانمان برد جل و بەرگ و کەل و پەلەکانمان، بەرێ کەووتین، بەرەوو شارێکی گەشتیاری، ئەو شارە ئەووەندە خۆش ئەگەر خەلکی ئەو ولاتە بوومایە، هەر لەووێ کارێکم ئەدۆزی و لەووێ دەستم ئەکرد بە ژیان، پێشنیارەکەی دیدار زۆر تەواو بوو بەراستی دەروونم ئارام بوو، لەووێ، مێشکی، خۆم کۆنترۆل کرد، لەووێ دا بووین دیدار ووتی من ئەچم هەندێ، خواردن ئەکرم و دێمەووە، دوای کە هاتەووە بینیم دیدار هەر پێ ئەکەنێ، و رووی خۆش بووبو، ووتم دیدار چی بووە خێرە با ئێمەش پێ بکەنین؟ ووتی وەرە لەگەلم، پێکەووە چووینە دەرەووە بردمیە، دوکانێکی شیرینی فرۆش، دووکانەکە کچێکی زۆر جوانی لەسەر بوو، دیدار ووتی ئەو کچەت بینیووە ووتم بەلێ ئەووە کێیە؟ ووتی ئەووە برازنتە ان شاءالله، خۆم نەگرت یەک

پێکەنین گرتمی هەموو ئەوانەی ناو دووکانەکە ئاوریان دایەوە و سێری منیان ئەکرد، دیداریش توورە بوو ووتی چییە بۆچی پێ ئەکەنی بەس نییە لە تۆ باشترم، ئەووەی ووت دوو ئەووەنە پێکەنین گرتمی خۆم ناگرت من لەووێ دەرچووم، ووتی چییە ئەووە تۆ تەواوی بەچی پێ ئەکەنی، ووتم کورە بابە ئەووە رۆژی دووسەد کەسی وەک تۆ ئەبینێ، ئەم دڵەی تۆش چییە، کێ ئەڵێ ئەو تۆی ئەووێت، خۆم زۆر بەسەرم هاتبوو بۆیە، وام پێی وت، ووتی وایە خۆ من وەک تۆ نیم قولاب بۆ هەموو کچێک تێ بگرم، راستی ئەکرد، من دلم وەک هۆتێل وابوو دایمە جێی دوو سێ کەسی تێ ئەبووەوە، ئیتر لەو باسە بووین ووتی ئەوویش هەستی بۆ من هەیە، ووتم چۆن وا دڵنیای ووتی شیرینیم کری ووتی با لەسەر خۆم بێت، دووبارە خۆم نەگرتەووە، ئەووەندە پێکەنیم، ووتم کەرە ئەووە، بۆیە وای ووتوە تا جارێکی تر برۆیتەووە شتی لا بکریتەووە، لێرە بەم شێووەیە کریار را ئەکێشن، تێبینی کە زۆربەی دووکانەکان ئافرەتی لێیە، تۆش کەووتویتە ئەو تەڵەیەوە، دیداریش، ووتی تازە من ئەووە چووە دلمەووە، گرنگ نییە بۆ کرین بێت یان هەر شتێکی تر من ئەووم ئەووێت، ووتم کورە دیدە، وازبێنە، بابە گیان چیت داوە لەمە ئەتەووێت وەک منت لێ بێت، ئەزانی هۆکاری ئەم سەفەرەم تەنها بەهۆی ئەوانەیە، ووتی گرنگ نییە،

ئەگەر بۆ ئەو بێت من هەموو ڕۆژێک سەفەر ئەکەم، جا وەرە ئەمە تێبگەیەنە، خۆی هەروایە کاتێک کەسێک ئاشق ئەبێت، تەنانەت ئەو ئازارانەشی خۆشەوێت کە لە لایەن ئەشقەکەوەیە، دیداریش تازە گوڵی ئەشق لە دڵی ئەروا، هەرچەن ئەموت هەلە ئەکەی و ئەوانە بە قسەی منی ناکرد ئەیووت تۆ لە چاووی خۆتەووە سێرەکەی بۆیە وا ئەڵێی چونکە بەسەر خۆت هاتووە، ووتم باشە با وابێت، برۆ پێی بڵێ ئێمە چەند ڕۆژێکمان ماوە لێرە، دوای قسەکانم ئەوویش ڕاستەوخۆ ڕۆشت پێی ووت، دوای چارەگێک هاتەووە سەری داخستبوە و نیگەران بوو ووتم ها چیت کرد، ووتی شووی کردووە دوو منالیشی هەیە، جا وەرە لە پێکەنینا مەپچرێ، ئەموویست لەبەر ڕێزێک بۆ هەستەکانی پێ نەکەنم بەلام خۆم ناگرت، ئەوویش توورە بوو سەری مالی گرتە بەر و لێم زووير بوو، ئاخر من پێم ووت، کاکە ئێرە وڵاتی خۆمان نییە، تۆ چوزانی چییە و چۆن ئەگووزەرێ، ئیتر بەم شێووەیە، هەفتەیەکمان لەووێ بەسەر برد، ئەو هەفتەیە بۆ من زۆر زۆر باش بوو، تەنها کەمێک دیدار نیگەران بوو دڵیم ئەدایەووە ئەوویش خۆی گوونجاند لەگەڵ ڕاستیەکە، کور مامەی، دیداریش واتە ئامانج، ئەو ژنی هێنابوو، تەنها هاتبوو بۆ خۆشی خۆی، ئیتر هێدی هێدی بەرەو فرۆکەخانە بەرێکەووتین و هاتینەوە ماڵەووە، لەووێ کۆمەلێک دیاریم کری بوو بۆ دایک و باوکم و

برا بچووکەکەم، و نوور، هەموویان هی خۆیان وەرگرت تەنها نوور مابوو، دیاریەکی تایبەتم کری بوو بۆی، گیتارێکی تازەم بۆ کری هیوایەتی گیتار بوو بەڵام بەهۆی نەبوونی و هەژاری هەرگیز باسی ناکرد، لەگەل چەپکێک گوول، ئەو رۆژە زۆر بە تامەزۆری چاوەرێم بوو کە هەوالی هاتنەوەی منیان پێدابوو خۆی جوان گۆریبوو وەک هەمیشە حیجابێکی جوانی کردبوو، لەگەل ئەووەی خۆی بەجوانترین شێووە نیشانم دا، وا خۆی دەرەخست کە توورەیە هێشتا من بۆ نازی ئەو کچە ئەمردم، کە ئەمبینی ئاوها ئەکات دەموویست، پر بە دل بیلاووێنمەووە، بەڵام ئاخ رابردووەکەم کە وەک، پەڵەیەک بە ناوچاووم بوو، کە دیاریەکەم پێشانی دا لە خۆشی دا گریان پر ناو چاووی بوو، کە ئەو دیمەنەم بینی دلی خۆش بوو من دە هێندەی ئەو دلم خۆش بوو ئەگەر بکرایا تێر باووەشم پێی ئەکرد، ئیتر نێوانی من و نوور زۆر باش بوو تەنها بیر و بۆچوونی من گۆرابوو نەمدەوویست ئازاری ئەو کچە بدەم دووبارە، ئەو متمانەیەی تەواوی پێم بوو، بۆ هەموو شتێک پرسی بە من ئەکرد، بەڵام پەری هەموو شتێکی لەبەر چاوی من خست خۆشەویستی گرنگی پێدان هەول دان، وای لێکردم کە تەنها بۆ خۆم بژیم...

ئیتر منیش هەر بەو شێووەیە بووم لەگەڵ نوور، و پەریش لە هەر کووێ بەرامبەرم بهاتایە یان بیوویستایە شتێک بلێت خۆم بە شتێکەووە سەرقاڵ ئەکرد، ئیتر پەریش دەستبەردارم بوو دەیزانی کە ئیتر ناتوانێ جێگەی خۆی بکاتەووە لە دلم، ئەووەی سەیر بوو بەلامەووە دیدار، بوو قەت بەو شێووەیە دیدارم نەبینیبوو خەم دایگرتبوو بێزار و ماندوو بووبو، ووتم چیتە ئەووە دیدار چی بووە، ووتی هیچ نییە برا گرنگ نییە، دەزانم شتێک بووە دیدار لێمی مەشارەووە پێوویست ناکات ئێمە جگە لە یەک کەسی ترمان نییە، ووتی ئەمجارەیان من ئیشم پێت کەووتوە، ئەبێت بۆم بکەی، منیش ووتم هەرچی تۆ ئەمرکەی بەسەر دل، ووتی من ئاشقی کچێک بوومە وا نزیکەی دوو مانگە، ووتم ئێ ئێ ئەم کچە بەبەختە کێیە، ووتی نزیکترین هاورێی، نوورە، ناوویشی نازانم، ئەووە بۆ من ئاسان بوو بەس دەبوایە بمزانیایە کێیە، پێمی ووت ئەو کچەیە، منیش بە نوورم ووت بەلکو شتێک بۆ دیدار بکات، ووتی ئاسانە، بەس ئەو کچە زمانی تەواو نییە، لە کاتی قسەکردن کەمێک درەنگ ووشەکانی دەر ئەبرێت، دیداریش ووتی قەینا گرنگ نییە من ئەووم بە هەموو عەیبەکانی ئەووێت، زۆر بە مەردی ئەمەی ووت، کە ئەووەم لێی بیست دە هێندە دیدارم

خۆش وویست، نووریش ووتی ئاسانە، دوای پێی ئەلێم و دیدارێکتان بۆ ساز ئەکەم و بۆ خۆتان قسە بکەن، بۆ سبەی کە چووینە زانکۆ نوور هەموو شتێکی ڕێک خستبوو، تەنها مابوو دیدار بچێتە پێشەوە، منیش دیدارم نارد و هەندێ شتم پێی ووت تا بەلکو ڕازی بکات، وا دیار بوو چێژوانەکەیان باش دەڕۆشت، دوای کاتژمێرێک دیدار هاتەووە بە بزە پێکەنینێک ووتم ها چیت کرد شێر یان ڕێووی، ووتی بۆ بابە قەت منت بینیووە ڕێووی بووم، منیش ووتم دیارە ئیش خۆت کردووە، ووتی ناوالله ووتی سبەی دا دەنشینەووە دەمەووێت لە نزیکەووە بتناسم نامەووێ پرسیاری تۆ لە خەلک بکەم بەلکو خۆم بتناسم، منیش پێشنیارەکەم زۆر بەدڵ بوو ئیتر ماووەی هەفتەیەک بەو شێووە بوون، ئیتر دوای ئەووە، ڕۆژێکیان لە زانکۆ دیدار و هاورێکەی نوور کە ناووی، سوومەیە بوو، پێکەووە هاتن بۆ لام، دیدار لە خۆشیا پێی زەووی ناگرت، ئەووەندە دڵی خۆش بوو، ووتی ئێمە بووینە خۆشەویست بەم زوانەش، داخوازی سوومەیە ئەکەم، ئەو ڕۆژەمان بە خۆشی تێپەراند و هەر هەمووومان دلخۆش بووین، لەم نێوانە هەستم ئەکرد کە نوور باش نییە، دیدار و سوومەیە ڕۆشتن، چەندجارێک پرسیم چییتە بۆ وا بێهێزی، ئەیووت باشم عەیبم نییە، تا ئەو کاتەی ووتم هەستە من ئەتبمەوە ماڵ باش دیارنیت، هەر کە هەستایە سەرپێ، لە هۆش خۆی چوو ڕاستەوخۆ

گرتم و کردمە باووەشمەوە، و بردمە نەخۆشخانە، ئەمزانی کە حاڵی باش نییە، کە بردمە نەخۆشخانە، دوای پشکنین دکتۆرەکە ووتی ئەمەووێت نزیکترین کەسی بێت بۆ ئێرە، هەرچەنە پرسیارم کرد چیەتی بۆ وای لێهاتووە دکتۆرەکە هیچی بە من نەووت، منیش پەیووەندیم بە دایکی کرد، دوای ئەووەی دایکی هات بە گریانەوە دکتۆرەکە بردیە ژوورەوە بە تایبەت قسەی لەگەل ئەکرد، نزیک سێ چارەگی پێچوو دایکی نوور بە گریانەوە هاتە دەرەوە، کە دایکیم بەو شێووەیە بینی من ئەژنۆم شکا، جوورئەتم نەبوو بەدایکی بلێم کە چیەتی لە وەلامەکەی ئەترسام، هەرچۆنێک بوو دایکی ئەوویش جگە لە من کەسی تری نەبوو، پرسیم چیەتی دایە گیان چیان پێ ووتی، دایکی نوور ووتی، دکتۆرەکە ئەلێت، بەپێی پشکنینەکانمان بێت شێرپەنجەی هەیە، ئەبێت بە زووترین کات، نەشتەرگەری بۆ بکەین گەرنا، تا مانگێکی تر نازێت، ئەمەم بیست، ئیدی گریان شەرمی نەکرد لە دابەزین، ئەووەندە گریاین، کە هەنسکم ئەکێشا، زۆر ئەترسام هەرگیز ئەووەندە ترسی لە دەست دانی کەسم نەبوو، ئاخر بۆ هەرکاتێک نزیک ببمەووە لە ئاسوودەیی هۆکارێک ئەبێتە رێگر؟ ئاخر مەگەر بەختی ئێمە ئەبێت هەروا بێت؟ مەگەر بۆ ئێمە دیار کراووە، کە ئەبێت هەمیشە دلتەنگ بین؟ ئەو شەووە لە نەخۆشخانە تا بەیان بە دیار نوور نەخەووتم، ئەوویش نەیدەزانی

چیەتی، دکتۆرەکە ووتی پێی مەڵێن، با باری دەروونی خراپ نەبێت، منیش ووتم تەنها هی ئەووەیە گرێیەک ناو سکتە بە نەشتەرگەریەکی بچووک دەری ئەهێنین، ئەو شەووە دلنیام کردەووە تا خەووی لێکەووت، چوومە لای دکتۆرەکە تا بزانم نەشتەرگەریەکە چەنێکی تێ ئەچێت و کەی ئەکرێت...

دکۆترەکە بۆ نەشتەرگەریەکە پارەیەکی خەیالی ووت، ئەوانیش ئەو پارەیان نەبوو، ئەووەندە زۆر بوو ئەگەر سەیارەکەم بفرۆشتایە لەگەڵ ئەو پارەی هەمە، هێشتا بەشی ناکرد، ناچار بووم بەشێک پارە لە باوکم قەرز بکەم، باوکم بۆ ئەوانە زۆر باش بوو، زۆر زۆر بە بەزەیی بوو، بەڵام من دەموویست تەنها، پارەکەی بە قەرز لێ بسێنم، کە زانی بۆ ئەووەمە پارەکەی هەروا داپێم، زۆر دلی بەووە خۆش بوو کە ئەو کارە ئەکەم، خۆشم کە ناخەووە زۆر هەستم بە شانازی و پیاوو بوونی خۆم ئەکرد....

ئۆتۆمبێلەکەم فرۆشت و لەگەل پارەکەی خۆم و باووکم هەرچۆنێک بوو، دابینمان پارەکەم هەمووی ئامادە کرد و نیووەیم پێشەکی دا و دکتۆرەکان هەفتەیەکی تریان، دانا بۆ نەشتەرگەریەکەی، تا ئەو کاتە بۆ چرکەیەکیش نوورم جێ نەهێشت ئەلەووێ خۆشەویستی خۆمم پێی ڕاگەیاند، دەموویست بەهەر نرخێک بێت، زیندوو بێت، هێزم پێی ئەبەخشی ئەگەر لە پێناو منیش نەبێت تەنها زیندوو بێت، ئەو نەشتەرگەریە چەنێک لەسەر ئەگەر بوو دوو ئەووەندە لەسەر دەروونی نوور خۆی بوو، منیش هەتا توانیم، یارمەتیم دا کە باش بێت ئیتر ئەودوای لەسەر نوور خۆی بوو، ئەوویش بەلێنی پێدام کە بە زیندووی دەرچێت لە نەشتەرگەریەکە، دکتۆرەکە ووتی ئەگەری رزگار بوونی ٦٥%ە لە دووعا و نزاکانتان بێ بەشی مەکەن، ئیتر خۆمان ئامادە کرد بۆ ئەو رۆژە، دیدار و سوومەیەش داخوازیەکەیان دواخست لەبەر نوور، تا چاک ئەبێتەووە، نووریش تا ئەو هەفتەیە رۆژ بە رۆژ، خراپتر ئەبوو، نە نانی ئەخوارد نە ئاو، تەواو بێهێز بوو بو، تا گەشتە رۆژی نەشتەرگەریەکە، ئەو رۆژە حالی زۆر خراپ بوو، بەلام هەر لەسەر ئەو بەلێنە مابوو کە بە زیندووی دەرچێت، تەنها ئوومێدێکم بەووە بوو لەگەل خوودا، کاتژمێر ١٢ چووە

نەشتەرگەری، لەو ساتەووە هەمووومان دەست بە دووعا، و نزا کردن چاووەڕێی ئەنجامەکە بووین، نەشتەرگەرێکەی، ٤ کاتژمێری خایاند، تا دکتۆرەکە، هات، هەر هەمووومان دلمان ناو دەستمان بوو چاووەڕێی ئەنجام بووین، کاتێک ووتی، سوپاس بۆ خوا بەسەرکەووتوی نەشتەرگەریمان کرد، نەمزانی لە خۆشیا چی بکەم، ئەووەندە دلم خۆش بوو پێم زەووی ناگرت، ئەمووویست دەستی یەک بە یەکی پزیشکەکان و کارمەندەکان، ماچ بکەم، ئەووەندە فرمێسکی خۆشیم رشت، هەر لەووی چووم شیرینیم کری بەسەر هەموو پزیشکەکان دابەش کرد، لە خۆشی چاک بوونەوەی ئەزیزترینم، نووری من، ئەمجارەیان بەخت یاووەری ئێمە بوو، ئەو ماووەی لەووێ بووم، تەواو پەیووەستی نوور بووم، هەتا بە تەواوی چاک بوو، دیدار و سوومەیەش، هاوسەرگیریان کرد، لە رۆژی هاووسەرگیری من و نوور پێکەووە رۆشتین، هەرگیز ئەووەندە نوورم بە جوانی نەبینیبوو، ئەو کچە ئەووەندە رەووشت بەرز بوو چەنێک لەگەلی بوو ئێستاش قژیم نەبینی، ئەو رۆژە ئەووەندە جوان خۆی گۆریبوو، لە تەماشاکردنی تێر نابووم، دەمووویست چارەگێ درەنگتر برۆین تا بەس سێری جوانی بکەم، ناز و مەکری نوور چۆکی بە پیاو ئەدا، یەکێک لەو قوربانیەکانیش من بووم، بەرامبەر چاووی و هەلسووکەوتی و رەووشتی بەرزی چۆکم دابوو، ئیتر

هەرچۆنێک بوو بەرێ کەووتین، بەرەوو هاوسەرگیریەکەی دیدار کە گەشتمە ئەووێ دیدارم، بینی بە تەنیا، منیش نوورم ناردە لای سوومەیە بۆ ئەووەی لەگەلی بێت، و بزانم بۆچی دیدار بە تەنهایە، چوومە تەنیشتی و دانیشتم ووتم دیدار گیان چیتە بۆ وا بێزار دیاری، ئەیووت ئەترسم نەتوانم، ببمە پیاووێکی چاک بۆی، ئەترسم، پیاووێکی نموونەیی نەبم، هەقی، خۆی بوو بترسێت هەموو کچ و کورێک لەو رۆژە ترسێکیان، دەبێت چی لە هەلبژاردنی کەسی مەبەست بێت، یان رووداوەکانی دوایی یاخوود، ئەووەی کە لە داهاتوو دا روو دەدات، ترسی، دیداریش بەهەمان شێووە بوو، ووتم، دیدار گیان، تۆ بەرەو ژیانێکی نووێ ئەچیت، ئەمجارەیان بەس خۆت نیت، هەمیشە کەسێکت لەگەلە، بەو شێووە بیر مەکەووە، کە ناتوانی بە گووێرەی پێوویست بیت بۆی، بەلکو پری کە لە خۆشەوویستی و ئەشق وای لێ بکە، کە جگە لە تۆ پێوویستی بە کەس نەبێت، ئاخر کچیش ئەووەی دەووێت، پیاووێک وەک قەلا بێت بۆی، دیدار هەمیشە لە هەموو باروودۆخێک لەگەلی بە کچێک کە لە مالی باووکی دێتە مالی ئێووە، ئەووە تۆ ئەبێت ببیت بە برا و باوکی، وەک چاووت بیپارێزی، و لەگەلی بیت، دیدار من تۆ باش ئەناسم، هەرگیز کارێکی هەلەت نەکردووە دلنیام لەمەش هەلە ناکەی، سوومەیەش کچێکی ئاقل و

تێگەشتووە، هەوول بدەن بیر لە ئێستا بکەنەوە، داهاتوو خۆتان دیاری دەکەن چۆن بێت، بێگوومان جگە لە قەدەریی خودای، ان شاءالله هەموو شتێکیش بە دلی، خۆتان دەبێت، بەلام دیدار ئەووە خۆت ئەتوانی وا بکەی، کە ببیتە پیاووێکی نموونەی، خۆراکی کچ خۆشەویستیە، ئەوان هەمیشە پێوویستیان بە نازە وەک مندالێک وان، لەم قسانە بووم دیدار کەمێ گەش بوو، و ئیتر بێزاری نەما، لەولاش سوومەیە و نوور هاتنە لامان، ووتیان چییە تەمبێی ئەکەی، هەمووومان پێکەنین گرتمانی، و ئیتر بەرێکەووتین، و لەووێ هەموو شتێکیان بریەووە و بوون بە خێزانێکی زۆر جوان و رێک، ئەووەندە جوان بوون پێکەووە تێر نابووی لە سێرکردنیان، ئیتر ئەو شەووە، هەمووومان بەرێ کەووتین بەرەوو مالی خۆمان و نووریشم لەگەل، خۆم هێنایەووە، ئۆتۆمبێلەکەی باووکم هێنابوو، لە رێگا بووین نوور هیچ شتێکی ناووت زۆر بەلامەووە سەیر بوو، ووتم چیتە نوور بۆ وا بێزار دیاری ووتی ئەکرێت رۆژێک، ئێمەش بەو شێووە بین و ببین بە هاووسەر، منیش بەدبەختانە هەرچی پارەم هەبوو لە نەشتەرگەریەکە خەرجم کردبوو و سەیارەکەشم نەمابوو، هەرووەها زوو دامنابوو کە زەماووەندێکی گەوورە بکەم، کەمێک بیرم کردەووە، ووتم پەلە مەکە پشت بە خوودا هەموو شتێک ئەبێت.. ئەبوایە ئیتر بەدوای، کارێک بگەرێم ئینجا هەوول بۆ خۆمان و داهاتووی خۆمان بدەین...

ئەووەی زۆر. بە دلم بوو لە نوور ئەووە بوو چەنێک من درەنگ بوومایە هەمیشە چاووەڕێی ئەکرد، من دوای نەشتەرگەریەکە هاتمە سەر سفر هیچ پارەم نەمابوو تازە زانکۆم تەواو کرد، تا ڕۆژێکیان خودا دەرگای لێ کردمەووە، لە کۆمپانیایەک دامەزرام، دوای سالێک کار کردن لەو کۆمپانیایە، برە پارەیەکی زۆر باشم کۆ کردەووە کە بەشی ئەووەی دەکرد هاووسەرگیری بکەم، و ئۆتۆمبێلێکی زۆر باشیش بکرم، ئەو ڕۆژە کردمە سووپرایز بۆ نوور، نوور ئەووەندە باش بوو دوو ساڵ چاووەڕێی کردم چەندین داخوازی ڕەت کردەووە لەبەر من، بۆیە منیش ئەو ڕۆژەم کردە سووپرایز بۆی، و ئەلقەیەکم کردە دەستی ووتی ئەمە چییە، لە کووێت بوو، ووتم ئامادە بە، ئەم هەفتەیە هاووسەرگیری ئەکەین، سەرەتا بابەتەکی بە گالتە وەرگرت، تا ئەووەی بووە راستی زانی بەراستمە، چاووی پڕ گریان بوو لە خۆشیا، نەیدەزانی چی بلێ، باووەشێکی توندی پێ کردم، وتی ئەگەر هەموو تەمەنیشم چاووەڕێ کەم گرنگ نییە بەلام تەنها تۆ لە لام بیت، ئیتر منیش بە دایک و باووکی، خۆمم راگەیاند ئەوانیش رازی بوون ڕۆژێک لەم هەفتەیە بچینە داخوازی، تا ئەووەی، شەووێکیان چووینە داخوازی نوور لە دایکی، زیاتر کەسی نەبوو، دایکیشی رازی بوو و

هەروەها دایک و باووکی منیش، ئەو شەووە چووم بە تەنها دانیشتم لەگەل نوور، ئەوویش توووند دەستمی گرت، و وتی من لەو رۆژەی تۆم بینی، و باوکم تۆی هێنایە ماڵمان، هەستێکم بۆ درووست بوو هەمیشە دووعام ئەکرد کە رۆژێک دووبارە بێیتەووە، ئەووەتا خوداش دووعاکانی منی قبوول کرد و هەموو شتێک بە دلی خۆم بوو، ئێستا لەم دنیایە هیچ شتێکم ناووێت، ئەی ئەزانی باووکم منی بۆ تۆ دانابوو، ووتم چۆن زۆر بەلامەووە سەیر بوو، ووتی رۆژێکیان کە تۆ لێرە نەبووی باووکم ووتی دوایی من ئەو کورە هەرکات هات دەرگای بۆ بکەنەووە، متمانەی پێ بکەن، ئەو کوورە هیچ شتێکی هەلە. ناکات، هەر بەراست وابوو، ئەووەندە لەگەلم بووی ئێستاش هەلەیەکم لێت نەدی، ئەو شەووە هەردووکمان، تا درەنگێک هەرچی راز و نیازی، دلمان بوو درکاندمان و لە خۆشیا دا ئەگریاین، ئاخر ئەو رۆژە بۆ ئێمە زۆر پیرۆز بوو دوای ئەو هەموو ماووەیە...

ئێمەش زەماووەندمان کرد و هەموو شتێکمان تەواو کرد، و رۆژ لە دوای رۆژ حاڵمان باشتر ئەبوو توانیم خانوویەکی جوان و بچووک بکرم، و، خاووەنی، سەیارەی خۆمان بووین، و دوای دوو ساڵ مندالێکی سەر خرمان بوو، زۆر زۆر. ئاسوودە بووین ئەووەندە دلم خۆش بوو وەسف ناکرا، تا رۆژێک هەواڵی پەریان بۆ هێنام، ووتیان پەری دووجار تەڵاق

دراووە، و ئێستاش ئاڵوودەی مادە کحولیەکانە، هەر شەووێک لە شووێنێک، ئەگیرێت، ئینجا بیرم کردەووە کە چی خێرێکی پێووە بوو ئەووەم بۆ نەبوو، لە کۆتایی دا دەلێم، زۆرجار ئێمە وویستی شتێکمان هەیە، بە خراپ و باشی دەمانەووێت بەلام مەرج نییە ئاسوودەیی ئێمە لەو شتە بێت، رەنگە بەدبەختی بەدواووە، بێت، تێگەشتم هەمیشە خوودا زاناترە، و باشتر ئەزانێ، خودا بە باشترین شت قەرەبووی کردمەووە کە ئەوویش نوور بوو، نوور ژیانی منی پر رووناکی کرد، زیاتر لە خوودا نزیکمی کردەووە، بۆیە واز لەووە بێنە. کە وویستی خۆتە، گەر بەڕاستی دەتەووێت، هەوولی بۆ بدە، بەلام گەر نەبوو، وا لە خۆت مەکە کە بتبینێت، و بلێت باش بوو رازی نەبووم، بەلکو وابکە کە بلێت خۆزگە رازی، بوومایە!

کۆتایی....

نااووی منیش محەمەدە....